سایکۆلۆژی



# خەون لای فرۆید

ئارام قەرەداغی

لە کۆنەوە مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کاتێ سەر دەکاتە سەر سەرینو خەو دەیباتەوە ، دەکەوێتە دنیایەکی ترەوە ، دنیایەك کە زۆر لە دنیای هۆشیاری جیایە. لە خەونەکانیدا جۆرەها دیمەنی ئاسایی‌و سەیرو : بینراوو نەبینراوو باوو دەگمەنی دبوە .

ئەم چالاکی‌یە ئاڵۆزەی کاتی نوستن بۆتە مایەی سەرسامی مرۆڤ‌و هەر لەزۆر کۆنەوە بە پێی ڕادەی تێگەیشتنی خۆی هەوڵی داوە زەفەری پێ بەرێ .

لای زۆربەی گەلانی سەرەتایی خەون دیاردەیەکی گیانی‌یەو لایان وایە گیانی مرۆڤ لە کاتی خەودا لاشە بەجێ دێڵێ ، بۆیە (خەبەر کردنەوەی مرۆڤیان بە شتێکی ترسناك داناوە نەوەك گیانی بزر بێ . بەم پێ‌یە کۆمەڵی تاجاڵی لۆزۆن ئازاری هەر کەسێك دەدەن مردوویەك خەبەر بکاتەوە .)[1] لە هەندێ شوێنی تر جیاوازی ناکرێ لە نێوان خەونو واقیعدا بەڵکوو خەون بە شتێکی ڕاستەقینە دادەنرێ‌و هەرشتێك لە خەوندا ڕوو بدات پەیڕەوی دەکرێ بۆ نموونە پیاوێکی زۆلۆ قسەی لەگەڵ هاوڕێیەکی دەبڕێتەوە ئەگەر لە خەونیدا ئەم هاوڕێیە خراپەیەکی لەگەڵ بکات[2] . هەمان شت لە ناو خێڵەکانی تریشدا پەیڕەوی دەکرێ ، لە لای بۆرینو عادەتە ئەگەر پیاوێ خەون بە ناپاکی ژنەکەیەوە ببینێ دەبێ ژنەکەی ڕەوانەی ماڵە باوانی بکاتەوە[3] .

لای خۆشمان ئەم بیروڕایانە تارادەیەك هەن . خەون بەلای کوردێکی سادەوە بریتی‌یە لە چالاکی گیان دوای ئەوەی لە قەفەزی لاشە دەرباز دەبێ . ئەمەش تەنیا ئەو خەونانە دەگرێتەوە کە بە دڵی خاوەنین واتە خەونی پاکن ئەگینا ئەو خەونانەی بێ ماناو ناشیرینن‌و ناشێ بکرێن بە کردەی گیانی پاك . بە واهیمەو خەیاڵی هەڵەشە دادەنرێن . زۆر لەو خەونانەی بەسادەیی باسی ژیانی ڕۆژانە دەکەن وەك خەونی نان خواردن‌و بینینی خۆشەویستان‌و شتی‌تر بریتین لە خەیاڵێکی

ڕووتی خاوەنی . بەڵام زۆربەی ئەوانی تر کە ڕەمزی باوی وەك ئاوو ئاگرو مارو . . . تێدایە یان خەونی بینینی کەسانی پیرۆزو مردوو بایەخیان پێ دەدرێ‌و شی دەکرێتەوە چونکە ئەمانە ڕووداوی نەزانراوی ڕابوردوو ، ئێستا وەیان داهاتوو بە خاوەنی دەڵێن . ئەگەر دایکێك منالێکی لە تەنگوچەڵەمەو بەشپرزەیی ببینێ ، بەیانی ترسی لێ دەنیشێ .

کورد کە خەون بە شتێکەوە دەبینێ هەوڵ دەدات بیهێنێتە دی چونکە خەونەکەی بەڕاست دەزانێ‌و لەو باوەڕەدایە بەخێر بۆی دەگەڕێتەوە . خۆ ئەگەر ئەم خەونە کەسێکی لە خواترس‌و پیاو چاك ببینێ ئەوا بە هیچ جۆرێ پشت گوێ ناخرێ .

لە زۆر کۆنەوە ئەرستۆ (٣٨٤–٣٢٢ پ .ز .) هەوڵی داوە خەون بەشێوەیەکی زانستی لێك بداتەوەو وتوویەتی خەون چالاکی مێشکەو بریتی‌یە لەو ئینتیباعە هەستی‌یانەی بە هۆی ستیمولی (منبه) دەرەکی‌یەوە سەر هەڵ دەدەن‌و پەیوەندی‌یان بە داهاتووەوە نیە . ئەلفرێد مۆریش کە نزیکەی سێ هەزار خەونی کۆ کردۆتەوە خەون بە بەرهەمی ستیمولی دەرەکی دادەنێ .

لە پێش فرۆیددا (١٨٥٦ – ١٩٣٩) خەون بایەخێکی ئەوتۆی لە کۆڕی زانستدا پێ نەدرابوو . دەروونسازی (الطب النفسی) خەونی بە بێ ماناو مەبەست دادەناو لە مەیدانی چارەسەر کردندا بە پێویستی نەدەزانی . بەڵام لای فرۆید لێکدانەوەی خەونەکانی نەخۆش یەکێ بوو لە گرنگترین ڕێگەکانی دەروون شیکاری (التحلیل النفسی) بۆ قووڵ بوونەوە بە ناخی نەست (لاشعور) داو گەڕان بەدوای هۆیەکانی نەخۆشی‌و پەشێوی دەروونیدا . لە ڕاستیشدا لیکدانەوەی خەون شان بەشانی گێڕانەوەی سەربەست[٤] (التداعي الحر)و لێکدانەوەی گێلە بەردی بناغەی هەموو کنە کردنێکی کۆئەندامی دەروونین (الجهاز النفسی) لە دەروون شیکاریی فرۆیددا .

لە تیۆری فرۆیددا کۆئەندامی دەروونی مرۆڤ لە سێ بەش پێکهاتووە : ئید (الهو) کە مەڵبەندی غەریزەکانە ، ئیگۆ (الانا) کە (ئەو چینەی دەرەوەی ڕژێمی ئید دەگرێتەوە کە بە هۆی کاریگەری جیهانی دەرەکی واتە واقیعەوە گۆڕاوە)[٥] و بریتی‌یە لە ژیانی شعووریی مرۆڤ . سێ‌یەمیش سوپەر ئیگۆیە (الانا الاعلی) کە لە گرێی ئۆدیپ‌و کەسایەتی باوك دروست بووە و جێگەی دەستووره ئەخلاقی‌یەکان‌و مثل علیایە واتە لە ویژدان دەچێ .

فرۆید دەڵێ ئید هیچ شتێك نازانێ تێرکردن نەبێ ، هەموو مەبەستی ئەوەیە حەزە غەریزەیی‌یەکانی بێ گوێدانە واقیع تێر بکا .

گومانیشی ناوێ کە ئەم حەزانە بەو جۆرەی ئید دەیەوێ ناگونجێ بەدی بهێنرێن چونکە دەوروبەرو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ڕێ نادەن . کەوابێ دەبێ هێزێك هەبێ چاودێری ئید بکات ، ئەم هێزەش ئیگۆیە . ئیگۆ کە فرمانی بریتی‌یە لە بەدی هێنانی ڕێکوپێکی و ڕێك کەوتن لە نێوان ئیدو دەوروبەردا بۆ پاراستنی تاك (فرد) دەبێ یەکێ لە دوو شت بکات ، یان بە هیچ جۆرێ ڕێ‌ی حەزە غەریزەیی‌یەکان نەدات دەر بکەون واتە خەفەیان بکات ، یاخود بە تەنا زولی هەردوولا (ئیدو ئیگۆ) حەزەکە بەشێوەیەکی وا بگونجێنێ دژی واقیع نەبێ . ئەم میکانیزمەی دووەمیان سروشتی‌یە . ئەوەی گرنگ بێ‌و خانەی پێشەوەی لە تیۆری فرویددا وەرگرتبێ ئەوەی یەکەمە واتە خەفە کردن (کەبت) .

ئەو حەزانەی خەفە دەکرێن دەچنە شوێنێکەوە فرۆید پێ‌ی دەڵێ نەست (لاشعور) کە هەموو ئیدو بەشێك لە ئیگۆو سوپەر ئیگۆش دەگرێتەوە ، یانی زۆربەی کۆندامی دەروونی مرۆڤ . بەشێك لە نەست کە بە پێشەست (پێش‌هەست) ناو دەبرێ جێگەی ئەو بیرو شارەزایی‌یانەیە کە بە کەمێ ماندوو بوون مرۆڤ دەتوانێ بیان هێنێتەوە یاد . بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ ناوەڕۆکی نەست بزانێ مەگەر بە دەروون شیکاری .

ڕەنگە یەکێ بڵێ جا چی لەوە باشترە ئیگۆ ئەم حەزە ئاژەڵی‌یانە خەفە بکات خاوەنیانی لێ ڕزگار بکا ، بەڵام مەسەلەکە بەوە نابڕێتەوە . ئەو حەزەی دەچێتە نەستەوە چیتر ئیگۆ دەستی نایگاتێ‌و ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدات . لە هەمان کاتیشدا (حەزە خەفە کراوەکە بەسستی نامێنێتەوە بەڵکوو بۆ هەق کردنەوە لەوەی ڕێ‌ی تێر بوونی سروشتی لێ گیراوە بە

شێوازی تر خۆی دەنوێنێ‌و خۆی تێکەڵی هەندێ پرۆسێسی دەروونی تر دەکات‌و ئەم پرۆسێسانە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەوەش ئەو ناوچانەش لە ئیگۆ دادەبڕێ‌و سەرەنجام حەزە خەفەکراوەکە بە ئیگۆو شعوردا لە شێوەیەکی وادا دێتە دەرەوە پیاو نەتوانێ بیناسێتەوە یا بچێتە بنج‌و بناوانی)[٦] .

خەون‌و گێلەو خەیاڵی هۆشیاری (احلام اليقظه)و نیشانەکانی نەخۆشی دەروونی گرنگترین ئەو حاڵەتانەن کە حەزە خەفەکراوەکان تیایدا سەرهەڵ دەدەن .

فرۆید دەربارەی کتێبی (لێکدانەوەی خەون) کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بڵاوی کردۆتەوە و بە دوورو درێژی تیۆری خەونی تیادا باس کردووە ، پاش سی‌ویەك ساڵ لە دەرچوونی دەڵێ : (ئەمە – واتە کتێبی لیکدانەوەی خەون – تا ئەمرۆش لام وایە بەنرخترینی ئەو دۆزینەوانەی تیایە کە خۆش بەختی کردی بە نسیبم ، شتی‌وا دوو جار لە تەمەنی مرۆڤێکدا ڕوو نادات .)[٧]

پێش ئەوەی فرۆید ئەم کتێبە گرنگەی بڵاو بکاتەوە دەمێك بوو خەڵك دەیانوت برسی خەون بەنان‌و تینوو خەون بەئاوەوە دەبینێ ، یان مەگەر بەخەون ببینی ، یانی دەیانویست بڵێن خەون بەدی هێنانی ئاواتە ، پێناسەکەی فرۆیدیش زۆر لەمە جیانیە بەڵام لەلیکدانەوەی سروشتی خەون‌و دروست بوونیدا فرۆید زیاتر قووڵ بۆتەوەو تیۆری‌یەکی سەربەخۆی ڕوون کردۆتە کە قسەی زۆر لەسەرەوە بەلای ئێمەشەوە بێ کەموکوڕی نیە ، بەڵام شایانی ئەوەیە مرۆڤ ئاگای لێ بێ‌و مەبەستی ئەم وتارەش هەر ئەوەیە .

(خەون بەدی هێنانێکی ڕوو پۆشراوی حەزە خەفە کراوەکان یان سەرکوت کراوەکانە)[٨] . واتە خەون بە شێوەیەکی شاراوە ئەو حەزو ئاواتانەی مرۆڤ دێنێتە دی کە لەوەو پێش بۆی بەدی نەهێنراون‌و خەفەی کردوون . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خەون چالاکی نەستە چونکە ئەو حەزانە لەکۆگای نەستدان .

ئیگۆی مرۆڤ لە کاتی هۆشیاریدا پاسەوانی نەستە ، بەڵام کاتی مرۆڤ خەوی لێ دەکەوێ نەست سەربەست دەبێ‌و حەزە خەفە کراوەکانیش کە لە نەستدا پەنگیان خواردۆتەوە هەلیان بۆ دەرە خسێ‌و بە شێوەی خەون دەردەکەون . تا ئێرە ڕوون بۆوە بۆچی خەون بەدی هێنانی حەزە ، بەڵام ئەی بۆچی ڕەفری‌یە ؟ (شێوەی خەون لەلایەن دوو هێزەوە دیاری دەکرێ ، یەکێکیان حەزە کە خەون باسی‌دەکات ، ئەوی تریشیان ڕەقابەیەکە لەسەر ئەم حەزانە کە خەون باسیان دەکات‌و دەبێتە هۆی شێواندنی دەربڕینی)[٨] . ئەم ڕەقابەیە ئیشی سوپەر ئیگۆیە کە بە پێچەوانەی ئیگۆوە ناخەوێ بەڵکوو پاسەوانی نەست دەکات‌و دەبێت بە ڕەقیب (چاودێر) بەسەر خەونەکانەوە . سوپەر ئیگۆ کە مەڵبەندی ڕەوشت‌و ئاکاری بەرزە دەزانێ دەربڕینی ڕاستەو خۆی حەزی خەفەکراو لەگەڵ داب‌و دەستووری کۆمەڵایەتیدا ناگونجێ‌و بە چاك بۆ خاوەنی ناگەڕێتەوە ، بۆیە نەست ناچار دەکات ڕەمز بەکار بێنێ تا ناوەڕۆکی دوژمنانە و نائەخلاقی‌ی خەونەکە بە ڕووپۆشە ڕەمزی‌یە بێ‌مانا یا هەندێ جار بریقە دارەکەی بشارێتەوە . کەواتە ڕەمزایەتی خەون لەپێناوی دروستی‌ی خاوەنیدایە ، بەهۆی ئەم تاکتیکەوە نەست دەتوانێ کام حەز زۆر بێ‌ماناو ئاژەڵی‌یە لە بەرگێکی وادا بشارێتەوە کە کەس (مەگەر دەروون شیکار) نەتوانێ پەی پێ بەرێ .

بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکی خەون نەست پەن دەباتە بەر چەند میکانیزمێکی جۆراو جۆر . پێش هەموو شتێك نەست سامانێك ڕەمز شك دەبات کە یان گشتین یان تایبەتن بەو کەسە خۆی لەو ڕەمزانەی زۆر باون . هەموو شتێکی درێژی وەك دار ، قەڵەم ، چەك ، لمۆزی فیل . . ڕەمزی ئەندامی نێرینەن ، بەپێچەوانەشەوە هەموو شتێك کە سیفەتی چاڵی هەبێ وەك ژوور سنووق ، شەپقە ، کڵاو ، عەرەبانە ، شەمعدان . . ئەندامی مێینەن . سوار بوونی وڵاخ‌و ئوتومبیل‌و شتی تریش ڕەمزی کۆبوونەوەی سێکسین . واتە نەست دەتوانێ هەریەکە لەو شتانە بگۆڕێ بە ڕەمزەکەیان‌و خەونەکە هەنگاوێك لە تێگەیشتن دوور بخاتەوە .

لە میکانیزمەکانی تری ڕەمزاندن خەست کردنەوە Condensation‌و نواندن Representation‌و گواستنەوە

transferenceو پیا چوونەوەی دووەمی‌یە secondary
. revision

خەست کردنەوە بریتی‌یە لە تێکەڵ کردنی چەند شتێك بۆ دروست کردنی یەك شتی ئاوێتە . بۆ نموونە کاتێ لە خەونێکدا پیرۆت دەبینی بە قاچی شەل‌و سەری سپی‌یەوە ، کە لەراستیدا قاچی ساغ‌و سەریشی سپی نەبوو ، ئەوا ئەو پیرۆتە خەست کراوەتەوەو بریتی‌یە لە سێ مرۆڤ‌و ئەگەر لێ‌ی بکۆڵیتەوە دوانەکەی تریش دەناسیتەوە ، کە یەکێکیان سەری سپی‌و ئەوی تریشیان شەلە . خەست کردنەوەش بێ مەبەست نیە ، بێجگە لە شاردنەوەی ناوەرۆکی خەونەکە ، دەوری کورت کردنەوەش دەبینێ ، نەست لەجیاتی ئەوەی بەسێ خەون باسی ئەو سێ مرۆڤە بکات دێت لەیەك خەوندا کۆیان دەکاتەوە . ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەم سێ مرۆڤە لە خۆوە نەهاتوونە خەونەوە بەڵکوو بە مەبەستی نەست هاتوون‌و هەر سێکیان لە خەونەکەدا ماناو پەیوەندی‌یان بەیەکەوەو بەو حەزەوە هەیە کە خەونەکە بەدی‌ی دەهێنێ .

نواندن بریتی‌یە لە گۆڕینەوەی بیر بە هەڵویست یان وێنە ، وەك ئەوەی ڕق بەرامبەر کەسێ لە خەوندا بگۆڕێ بە شەری دەستەو یەخە یان مردنی . نموونەیەکی فرۆیدانە ئەمەیە : ژنێك لە خەونیدا لەگەڵ دوو کچی بچووکدا پیاسەدەکات کە تەمەنیان پازدە مانگی بەینە ، ئەمەش ئەو ڕاستی‌یە دەنوێنێ کە دوو کارەساتی ناخۆش کە پازدە مانگیان بەینە لە منالّی ژنەکەدا روویان داوە[9] .

گواستنەوە (دوو پرۆسێسی پەیوەندیدار دەگرێتەوە ، یەکێکیان ئەوەیە بەهۆیەوە خەونەکە بەشێوەیەکی نایەکسان لەدەوری بیرەکانی خەونەکە کۆدەبێتەوە ، لەبەر ئەوە خەونەکە بەتەواوی گرنگی نیسبی بیرەکانی خەون نیشان نادا . دووەم ئەوەیە کە بەهۆیەوە وێنەکانی خەون کاری بیرەکانی خەون دەکەن .)[10]

بە شێوەیەکی سادە دەتوانین بڵێین گواستنەوە بریتی‌یە لە گواستنەوەی بیرێك لە مەوزووعە سەرەکی‌یەکەیەوە ، بۆ مەوزووعێکی ترکە تارادەیەك پەیوەندی بەوەی پێشەوە هەیە . بۆ نموونە دەگونجێ خۆشەویستی بەرامبەر کچێکی چاو شین بگوێزرێتەوە، بۆ خۆش‌ویستنی هەموو دەستەی چاو شینان .

دوا میکانیزمی کاری خەون بریتی‌یە لە پیا چوونەوەی دووەمی کە (بریتی‌یە لە هەوڵی ئەقڵ بۆ ڕێکخستن‌و پیاچوونەوەو زیاد کردنی ناوەرۆکی خەون تاکو یەکەیەکی ماقووڵ‌و ئاشکرا پێك بێنێ .)[11] فرۆید بایەخێکی ئەو تۆی بەم میکانیزمە نەداوەو گەرچی لە کتێبی لێکدانەوەی خەوندا باسی کردووە بەڵام لە نووسینەکانی دواییدا پشت گوێی خستووە .

بە هۆی بەکارهێنانی ئەم میکانیزمانەوە ئەو خەونە بێ سەرو پێ‌یە دروست دەبێ کە هیچ لەوە ناچێ بەدی هێنانی حەز بێ . ئەم مانا ڕاستەوخۆیەی خەون بە ناوەرۆکی رووکەش (المحتوی الظاهر) ناو دەبرێ کە بریتی‌یە لە شاردنەوەی مانایەکی قووڵترکە بەدی هێنانی حەزەکەی تێدایەو بە ناوەرۆکی ژێرەوە (المحتوی الباطن) ناو دەبرێ . کەواتە سەیر نیە زۆر خەون (واتە مانا رووکەشەکەی) دڵتەزێن بێ و دژی حەزو ئاواتی خاوەنی بێ گرنگ ئەوەیە ئەم دڵتەزێنی‌یە هەرچەندێ بێ لەژێریدا حەزێك شاردراوەتەوە کە بە لێکدانەوەی خەونەکە دەتوانین بیگەیێنێ .

تا ئێرە میکانیزمی دروست بوونی خەونمان روون کردەوە بەڵام ئاخۆ بە پێ‌ی تیۆری فرۆید هۆی خەون بینین چی‌یەو خەون باسەکانی لە چی‌یەوە هەڵ دەهێنجێ ؟

لە پێش فرۆیدەوە زانایان بۆیان دەرکەوتبوو کە خەون بەهۆی ستیمولێکی دەرەکی (منبه أو حافز خارجي) یا ناوەکی‌یەوە دەست پێ دەکات . واتە نوستوو کاتێ لە دەرەوە یا لە ناوەوە کاری تێ دەکرێ یانی یەکێ لە ئەندامەکانی هەستی دەوروژێنرێت وەك ئەوەی تیشکێك بدرێت لەچاوی ، شتێکی سارد بخرێتە سەر گیانی ، دەنگێك بدرێ لە گوێ‌ی ، سەری لەسەری سەرین بترازێ ، یان هەست بە برسێتی‌و تینوێتی بکات ، هەریەکە لەم ستیمولانە دەبنە هۆی سەر هەڵدانی خەون . رواڵەتی خەونەکەش بەپێ‌ی سروشتی ستیمولەکە دەگۆرێ . بۆ وێنە دەنگی زەنگ ڕەنگە ببێتە زەنگی کڵێسەو نوێژ وقوتابخانەو تیشك ببێتە خەونی ئاگرکەوتنەوەو . . .هتد .

بەلای فرۆیدەوە ئەم ستیمولانە گەرچی دەبنە هۆی

سەرهەڵدانی خەون بەڵام لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی خەونەکەدا هیچ دەورێکیان نیە (تاقیکردنەوە – واتە ستیمول – لەڕاستیدا تەنیا یەك سەرچاوەو توخم لە توخمەکانی خەون دیاری دەکات ، هەرچی ناوەڕۆکی خەونیشە وادیارە سەربەخۆ ترە لەوەی بەیەك پێویستی لێك بدرێتەوە وەك پێویستی گونجان لەگەڵ ئەو توخمەی لەدەرەوە بە تاقیکردنەوە هێنراوە .)[١٢] چونکە ناوەڕۆکی خەونەکە ، ستیمولەکە هەرچی‌یەك بێ لە نەستەوە هەڵ دەهێنجرێ . فرۆید دان بەوەدا دەنێ کە وێنەو هەڵوێست‌و قسەو هەموو شتەکانی تری خەون لە ژیانی واقیعی خاوەنیەوە سەرهەڵ دەدەن وبەزۆریش هی ڕۆژی پێش خەونەکەن گەرچی هەندێکیان دەشێ هی دەیان ساڵی لەوەو پێش بن‌و لە بیر چووبنەوە . بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا نەست لە پێکەوە نانی ئەم وێنە شعووری‌یانەدا یەك مەبەستی هەیە ئەویش بەدی هێنانی یەکێکە لە حەزە خەفەکراوەکانی .

ئەو حەزە خەفەکراوانەی دێنە خەونەوە تێکرا سێکسین‌و بە زۆریش هی سەردەمی منالین . خەون نیە دوور بێ لە سێکس ، تەنانەت ئەگەر بەڕواڵەتیش فری بەسەر سێکسەوە نەبێ ئەوا هەر ناوەڕۆکەکەی ژێرەوەی لەدەوری سێکس دەخولێتەوە ، (پیاو تا زیاتر بە لێکدانەوەی خەونەوە خۆی خەریك بکات چاکتر دان بەوەدا دەنێ کە زۆربەی خەونەکانی مرۆڤی پێگەیشتوو باسی بابەتی سێکسی دەکەن‌و لە حەزی سێکس ئامێز دەدوێن . تەنیا ئەوانەی خەون شی دەکەنەوە ، واتە لە ناوەڕۆکە رووکە شەکەیەوە شۆڕ دەبنەوە بۆ بیرەکانی ناوەوەی ، هەر ئەوانە دەتوانن بگەنە ڕایەك لەم بوارەدا . ئەم ڕاستی‌یەش سەرسامان ناکات بەڵکوو بەتەواوی لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا دەگونجێ کە ئێمە لە شیکاری خەوندا بەکاری دێنین . هیچ غەریزەیەك نیە ئەوەندەی غەریزەی سێکس لە منالی‌یەوە تووشی خەفە کردن بووبێ وهیچ غەریزەیەکیش ئەوەندەی ئەم حەزی لەم بوارەدا بەجێ نەهێشتووە بە هێزو زۆری‌یەکی واوە کە ئەمڕۆ ببنە هۆی سەرهەڵدانی خەون .)[١٣]

لەبەر ئەوەی خەون چالاکی‌یەکی دەروونی نەستی‌یەو نەستیش مەڵبەندی حەزە خەفەکراوەکانە ، ئەو حەزانەی لەبەر خۆپەرستی و لەبەر ئەوەی دژی ئەخلاق‌و ڕەوشتی کۆمەلآیەتین تەنانەت لەخەونیشدا ڕاستەوخۆ ناتوانن دەربکەون . وەك فرۆیدیش دەڵی حەزی سێکسی نائەخلاقیترین حەزە ، منالیش کە بوویەکی بێ دەستەلآتەو هیچی لە دەست نایەت ، بۆیە منالی گەرمترین کاتی خەفە کردنە ، بەتایبەتی خەفەی حەزی سێکس ئامێز . لەم ڕوانگەیەوە فرۆید دوای ئەوەی دەڵێ (من لەو باوەڕەدام حەزی شعووری نابێتە هۆی سەرهەڵدانی خەون مەگەر بەوەی بتوانێ حەزێکی نەستی‌ی تا ڕادەیەك وەك خۆی بکاتە پاڵپشت)[١٤] .

واتە هیچ خەونێك بێ حەزی نەستی دروست نابێ ، دەڵێ (هەموو حەزێك کە دێتە خەونەوە دەبێ حەزی منالی بێت)[١٥] بە کورتی هەموو خەونێك حەزێکی نەستی دێنێتە دی کە هی سەردەمی منالی‌یە .

بۆ سەلماندی ئەم قسەی فرۆید لە کتێبەکەیدا چەند خەونێکی گێڕاوەتەوە کە جێگەی سەرنجن . یەکێك لەوانە خەونەکەی (مۆری)یە[١٦] . مۆری دەگێڕێتەوە کاتێ منال بووە زۆر جار لە شوێنی لەدایك بوونیەوە (مۆ) چووە بۆ شاری (تریپۆر)ی هاوسێ کە لەوێ باوکی سەرپەرشتی دروست کردنی پردێکی کردووە .

شەوێکیان خەون دەبیاتەوە بۆ تریپۆرو خۆی دەبینێ لە شەقامی شارەکەدا یاری دەکات . پیاوێك بە بەرگی ڕەسمی‌یەوە لێ‌ی نزیك دەبێتەوە . مۆری ناوی لێ دەپرسێ ، کابرا لە وەلامدا دەڵێ ناوی (س)ەو پاسەوانی پردەکەیە . مۆری کە خەبەری دەبێتەوە لە کارەکەرێکی پیر دەپرسێ پیاوێك بەم ناوەوە دەناسی ؟ ئەویش لەوەلآمدا دەڵێ ئەو کابرایە کاتی خۆی پاسەوانی پردەکەی لەمەڕ باوکت بوو .

گەرچی ئەم خەونە بەو پەڕی ئاشکرایی دەیسەلمێنن خەون بۆی هەیە سەرچاوە لە شارەزایی منالی‌یەوە بگرێ بەلآم فرۆید لەم خەونەدا بەدوای ئەو حەزە سیکسی‌یەی منالیدا نەگەڕاو ، کە تیۆری‌یەکەی خۆی داوای دەکا .

ئەو خەوانەی دەچنە نەستەوە زەمانیان نیە ، واتە بەهیچ جۆرێ ناگۆڕێن‌و نافەوتین . بەمانا من ئەگەر پێش دەساڵ

chalakmuhamad@gmail.com

حەزێکم خەفە کرد بێ ئەم حەزە بۆی هەیە پاش دە ساڵی تر وەك خۆی بێتە خەونم. بەم پێیە دەتوانین کۆمەڵێك لەو خەونانە لێك بدەینەوە کە بە خەونی ناخۆش دادە نرێن، واتە ئێستا لە بەدی هێنانی حەز ناچن. یەکێ لە نەخۆشەکانی فرۆید لە خەویدا منالە پازدە ساڵیەکەی دەبینێ بە مردوویی لە سنووقێکدا ڕاکشاوە[١٧]. گێڕانەوەی ئەم خەونە بۆ بەدی هێنانی حەز ئاسان نیە چونکە دەبێ بڵێین دایکە کە حەزی کردووە منالەکەی بمرێ. فرۆید دوای ئەوەی دێتە سەر ئەو بڕوایەی سنووق ئەندامی مێینە دەگرێتەوە، دەڵێ ئەم ئافرەتە وەك زۆربەی ئافرەتانی تر لەسەرەتای شووکردنیدا حەزی کردووە منالی نەبێ، یانی منالەکەی لە منالدانیدا بمرێ.

ئەم حەزە کە پێش پازدە ساڵ خەفە کراوە ئێستا بە بێ گۆڕان بەڵام لە بەرگێکی فریودەردا بۆتە خەون.

خەونەکان هەموویان بەدی هێنانی حەزن، تەنانەت ئەوانەش کە دڵتەزێن دیارن. خەونی مردنی خۆشەویست، بۆ وێنە دوو جۆرن. لە جۆرێکیاندا خەون بین وشك دەبێو هەست بە هیچ خەمگینیەك ناکا. ئەم جۆرە لەڕاستیدا فریودەرو ڕوو پۆشێکە ناوەرۆکی ژێرەوەی خەونەکە دەشارێتەوە. وێنەی ئەمەش خەونی ئەو ئافرەتەیە کە مردنی تاقە خوشکەزاکەی دەبینێ[١٨].

کەچی ناوەرۆکی ژێرەوەی خەونەکە حەزێکی سێکسیە بووە بۆ بینینی دەزگیرانەکەی کە لەکاتی مردنی خوشکەزاکەی تریدا بینیبوەتی یانی ئافرەتەکە حەزی کردووە خوشکەزاکەی بمرێ بەڵکوو دەزگیرانەکەی ببینێتەوە وەك چۆن لەوەو پێش لە بەرێ کردنی تەرمی خوشکەزاکەی تریدا بینیبووی.

لە جۆری دووەمی خەونە دڵتەزێنەکاندا خەوبین هەست بە تەنگیو ئازار دەکاتو ئەشێ فرمێسکیش برێژێ. ئەم جۆرە خەونە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی. دەگونجێ خاوەن خەون ڕۆژێ لەڕۆژان حەزی مردنی ئەو کەسەی خەفە کردبێ. وێنەی ئەمەش خەونی مردنی منالە پازدە ساڵەکەیە.

ئەو خەونە دڵتەزێنانەی دەروون شیکاریش ناتوانێ بیانخاتە قاڵبی بەدی هێنانی حەزەوە، یان بە هۆی ڕەقابەوە ڕوو دەدات واتە خەونێکی ڕەمزێنزاوە یان خەو بینەکە کابرایەکی ماسووشیەو حەز بە ئازار چەشتن دەکات، وەیان مەبەستی خەونەکە بەدرۆ خستنەوەی تیۆریەکەی فرۆیدە (بێگومان لەم بارەی دواییدا دەبێ کابرا ئاگای لە تیۆری فرۆید بێ).

زۆربەی ئەم خەونە دڵتەزێنانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منالی چونکە منال سروشتو ڕەوشتی هەر چۆنێك بێ لەگەڵ براو خوشکانیدا لە ناکۆکی دایەو لەمەشەوە دەگونجێ منالی زۆر لێکراو حەز بە مردنی براگەورەی بکات ئەم حەزەش لە نەستدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە تا لە دەرفەتێکدا دەبێ بە خەون.

خەونی مردنی دایكو باوك دەگەڕێتەوە بۆ گرێی ئۆدیپ. واتە کە کوری منال حەز لە دایکی دەکات دوژمنایەتی بەرامبەر باوکی خەفە دەکات، یان کچ بەرامبەر دایکی ئەم دوژمنایەتیە خەفە کراوە دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە خەونی مردنی باوكو دایك.

مادام نەست کۆگەی شارەزاییەکانی ڕابوردووەو خەونیش لە نەستەوە سەر هەڵ دەدات، کەواتە شتێکی ئاساییە خەون دەلالەتی پێشبینی کەرانەی نەبێ. خەون هەمیشە باسی ڕابوردووی مرۆڤ دەکاتو ڕووداوەکانی لەو شارەزاییانەوە هەڵ دەهێنجێ کە خاوەنی پیایدا ڕۆیوە. ڕاستە خەونی وا هەیە سەرەتا سەیرو غەریب دیارە و لە شارەزایی خاوەنی ناچێ بەڵام بەلێکدانەوەو پاش ماندوو بوونو گەڕان سەرچاوەی خەونەکە دێتەوە یاد، چونکە ئەو بیرەوەریانەی بیرچوونەتەوە زۆرجار لە خەوندا سەر هەڵ دەدەنەوە (خەونەکەی مۆری).

لە کتێبەکەی فرۆیددا خەونێك گێڕراوەتەوە کە لێکۆڵەرەوەیەك لێکی داوەتەوەو فرۆیدیش پێی قایلە، لەم بوارەدا گرنگە[١٩].

باوکێك کورەکەی دەمرێ، لە دەوری چەند مۆمێك دادەگیرسێنێ. خۆیشی لە ژوورێکی تر دەنوێ بەجۆرێ گڕی مۆمەکانی لێوە دیار بێ، کە خەوی لێ دەکەوێ ئەم خەونە دەبینێ: کورەکەی گڕی تێ بەربووە و بەگوێی باوکیدا دەچرپێنێ: بابە نابینی وا دەسووتێم؟!

که کابرا خەبەری دەبێتەوە دەبینێ مۆمێك لاربۆتەوەو کورەکەی گری تێ بەر بووە .

ئەم خەونە ئەگەر یەکسەری بڕیاری بەسەردا بدرێ دەگونجێ بکرێتە نموونەی خەونی ئاگادار کردنەوەو پێشبینی . بەلاّم لێکدەرەوەی خەونەکە جوان بۆی چووە کە وتوویەتی کاتێ گڕ بەربۆتە جێگەکە تیشکی ئاگرەکە لە دەرگاکەوە داویەتی لە چاوی کابراو بۆتە هۆی دروست بوونی خەونەکە . ئەو ڕستەیەش کە کورەکە بە گوێی باوکیدا چرپاندووە ، ئەشێ زۆر جار کورەکە تا گرتبێتی و تبێتی باوکە سووتام .

فرۆید بۆ ئەوەی خەونەکە لە گەلّ بەدی هێنانی حەزدا بگونجێنی دەلّێ بینینی کورەکە با بەسووتاویش بێ ئەوە دەگەیەنێ . هێشتا زیندووە . ئەمەش بێگومان حەزی باوکەکەیە . بەلاّم ئەی کوا حەزی سێکس ئامێزو منالّی . . . ؟ فرۆید خۆی لەقەرەی نەداوە .

لە سەرەتاوە وتمان ڕەمزاندنو تێکدانی ڕوالّەتی خەون بەهۆی ڕەقابەی سوپەر ئیگۆوە دەبێ . گومانی ناوێ سوپەر ئیگۆ بە گەورە بوونی مرۆڤ گەشەدەکات چونکە منالّ ئەوەندە ئەقلّی بە داب‌و نەریت‌و ئاین‌و شتی وا ناشکێ . بەلاّم لەگەلّ گەورە بوونیدا ئەمانە تیایدا گەشە دەکەن‌و سنوور بۆ ڕەوشتی دادەنێن . لەمەوە ئەوە دەرەنجام دەکەین کە بۆچی خەونی منالّ تێکرا سادەو بێ پێچو پەنایە ، چونکە ڕەقیبی منالّ ئەوەندە بەهێز نەبووە بتوانێ ڕێ لە حەزە نەستی‌یەکان بگرێ‌و بەرگی فریودەریان لەبەر بکا . بۆیە منالّ ڕاستەوخۆ خەون بە بەدی هێنان حەزە بەدی نەهاتووەکانیەوە دەبینێ با دژ بە ڕەوشتی بەرزو کۆمەلاّیەتیش بن . .

**پەراوێزەکان :**

(١) Encyclopaedia Britanica, vol. 5, 1975, Page 1011:

(٢) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .

(٣) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .

(٤) گێڕانەوەی سەربەست : یەکێکە لەو ڕێگانەی بۆ کنەکردنی نەست بەکار دەهێنرێ : نەخۆش لە شوێنێکی هێمن‌دا ڕادەکشێ‌و داوای لێ دەکرێ چی بەخەیالّیدا بە دەروون شیکاری بلّێ .

(٥) سیجموند فروید ، مقدمة في التحليل النفسي لاپەڕە ٥٧

(٦) هەمان سەرچاوە ، لاپەرە ٦٩-٧٠

(٧) سیجموند فروید ، تفسیر الاحلام لاپەڕە ٧

(٨) هەمان سەرچاوە . لاپەڕە ١٦٨

(٩) Williams , Richard , freud, page 72

(١٠) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٧٢

(١١) هەمان سەرچاوە ولاپەڕە

(١٢) تفسير الاحلام ، ل ٦٧

(١٣) هەمان سەرچاوە ل ٤٠٠

(١٤) هەمان سەرچاوە ، ل

(١٥) هەمان سەرچاوە ل ٥٤٤

(١٦) هەمان سەرچاوە ل ٥٦

(١٧) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٢٦٥ بەدوا

(١٨) هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە .

## فەرهەنگۆك

(مانای عەرەبیی ئەم زاراوانە لە دەقەکەدا هاتوون)

| | |
|---|---|
| ستیمول : | Stimulus |
| دەروو نسازی : | Psychiatry |
| دەروون شیکاری : | Psychoanalysis |
| دەروون شیکار : | Psychoan list |
| نەست : | The Unconcious |
| پێشەست : | Preconcious |
| یگۆ : | Ego |
| سوپەر ئیگۆ | Superego |
| ئید | Id |
| خەفە کردن | Repression |
| حەز (ڕەغبەت) | Desire |
| خەیالّی هۆشیاری | Day dreams |
| ستکردنەوە | Condensation |
| نواندن | Representation |
| گواستنەوە | Transference |
| پیاچوونەوەی دووەمی | Secondary Revision |
| ڕەمزاندن | Symbolization |
| ناوەرۆکی رووکەش | Apparent Content |
| ناوەرۆکی ژێرەوە | Inner Content |
| گێڕانەوەی سەربەست | Free Association |